# جەژنی ڕەمەزان..سوننەتەكانی و چەند ئامۆژگارێك
[ بە كوردی ]

# عيد الفطر .. سنن وبعض النصائح
[ باللغة الكوردية ]


نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز
الكاتب : بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی ڕەوەندەكان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# جەژنی ڕەمەزان..سوننەتەکانی و چەند ئامۆژگارێك

موسڵمانانی خۆشەویست: خۆشحاڵین کەوا بەم بۆنەپیرۆزەوە سەوننەتەکانی جەژن و چەند ئامۆژگارێکتان پێشکەش بکەین بەهیوای سوود لیێ وەرگرتن:

یەکەم: سوننەتەکانی دەرچون بۆ نوێژی جەژن :

١- خۆشۆردن پێش ڕۆیشتن بۆ نوێژی جەژن .

٢- دەرچون بۆ نوێژ بەجوانترین شێوەو جل و بەرگەوە ئەگەر گونجا.

٣- خواردن پێش دەرچون بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان، وەباشتریش وایە خواردنەکە خورما بێت و تاکیش بێت واتەسێ دەنك یان پێنج دەنك یا حوت دەنك.

٤- (الله أكبر) کردن لەئاوابوونی خۆری شەوی جەژنەوە دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێت تا کۆتایی نوێژی جەژن. شێوەکەشی بەم جۆرەیە(الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، لا إله إلا الله، والله أكبر، الله أكبر، ولله الحمد) پیاوان دەنگ بەرز دەکەنەوە لەوتنیداو ئافرەتان بەدەنگی نزم دەیڵێن، وەبەکۆمەڵ (الله أكبر) ناکەن بەڵکو هەرکەس بۆخۆی دەیکات.

٥- نوێژخوێن لەئیمام نزیك دەبێتەوەو نوێژی سوننەت لەپێش وپاش نوێژی جەژن ناکرێت، هەروەها نوێژی سڵاوی مزگەوتیش ناکات ئەگەر شوێنەکەمزگەوت نەبوو.

٦- سوننەتەنەڕوات بۆ ماڵەوەتا وتاربێژ وتارەکەی تەواو دەکات.

٧- ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بگۆڕێت و لەو ڕێگەیەوە نەڕواتەوە کە لێوەی هاتووە .

٨- سوننەتە ئافرەتان بچن بۆ نوێژی جەژن بەبێ خۆڕازاندنەوەو دەرخستنی جوانیان. تەنانەت ئەو ئافرەتانەی بێ نوێژن (الحيض) دەتوانن بەشداربن و ئامادەی نزاو پاڕانەوەی مسوڵمانان دەبن و خۆیان دور دەگرن لەشوێنی نوێژەکە.

٩- پیرۆز بایی لەیەکتر، چونکەهاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا لەرۆژی جەژن بەیەکتریان دەووت: خوا لەئێمەو ئێوەی قەبوڵ کردبێیت، بۆیەڕەوایەبەیەکتر بووترێت: جەژنت پیرۆز.

دووەم: چەند ئامۆژگارێیك:

١- پێویستەموسڵمانان سوپاسی خوای گەورەبکەن کەیارمەتیانی دا لەمانگی ڕەمەزان بەرۆژوو ببن و شەو نوێژ بکەن و شەوی قەدر زوندوو بکەنەوە، وەزۆر نزاو دوعا بکەن خوای گەورەقەبوڵی بکات لێیان.

٢- وا چاکەموسڵمان لەرۆژی جەژن دڵخۆش بێت و خۆشی بخاتەنێو خێزانەکەی و دەستی دایك و باوکی ماچ بکات و، سەردانی خزم و دۆستان و هاوڕیانی بکات.. . وەگەردن ئازادی لەیەکتر بکەن.

٣- سەردانی گورستان ڕەوایەبۆ پیاوان لەرۆژانی غەیری جەژن، بەڵام تایبەت کردنی رۆژی جەژن بۆ سەردانی گۆرستان و سەلام کردن لەمردوان ڕەواو دروست نیە.

٤- ئاگادار بن کەشەوی جەژن لەتەماشا کردنی فیلیم و گۆرانی و رۆشتن بۆ بازارەکان نەبنەسەر.

٥- زیادەڕەوی مەکەن لەکڕینی جل و بەرگ .

٦- دروست نیەموسڵمان خۆی جوان بکات بەریش تاشین لەرۆژی جەژن و لەغەیری رۆژی جەژنیش.

٧- تەوقەکردن و دەس لەنێو دەستی ئافرەتی نامەحرەم دروست نیە، وەئەم ڕەوشتەناشرینەلەنێو کومڵگەی کوردەواری خۆمان زۆر بڵاوە، بۆیەوا چاکەنەفرەت لەو ڕەوشتەبکرێت.

٨- نابێت ئافرەتان خۆیان برازێیننەوەبەشێوەیەك لەسنوری شەرع دەرچێت و، دەبێت خۆیان بپارێزن لەتێکەڵاوی پیاوی نامەحرەم .

٩- ئەوەی رۆژووی ڕەمەزانی لەدەست چووەبا پەلەبکات لەدانانەوەی.

١٠- بەردەوام بوون لەسەر پەرستش و بەندایەتی کردنی خوای گەورەلەهەموو کاتێك، وەرۆژووی شەش رۆژ لەمانگی شەوالتان ( صيام الست من شوال ) لەبیرنەچێت، چونکەلەگەڵ مانگی ڕەمەزاندا ئەجر و پاداشتی ساڵێکی تەواوی هەیە.

داواکارین لەخوای گەورەپەرستش و بەندایەتی هەموو لایەکی قەبوڵ کردبێت و لەگوناهی هەمو لایەك خۆش بوو بێت